ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق ڕێککەوتنامەیەکی هاریکاری واژوو دەکەن بۆ ڕێگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ

٢٠ کانوونی یەکەم ٢٠٢١

بەغدا – چوار ساڵ دوای شکستی سەربازیی ڕێکخراوی داعش لە عێراق، ڕێگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ وەک یەکێک لە ئەولەویەتە سەرەکییەکان دەمێنێتەوە بۆ بووژانەوە و سەقامگیری عێراق لە قۆناغی دوای ململانێدا.

لە ١٦ کانونی یەکەمی ٢٠٢١دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕێککەوتنامەیەکی هاریکاریی واژوو کرد لەگەڵ نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجیی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی توندڕەویی توندوتیژ. مەراسیمی ڕێککەوتنەکە لە باڵەخانەی نووسینگەی ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتیمانی لە بەغدا بەڕێوە چوو بەئامادەبوونی سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق بەڕێز گیۆرگی گیگاوری و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی عێراق ڕێزدار قاسم ئەل ئەعرەجی.

ئەم ڕێککەوتنامەیە دەبێتە بناغەی پاڵپشتییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بۆ هەوڵە نیشتیمانییەکانی عێراق لە ڕێگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ. ڕێککەوتنامەکە چوارچێوەیەک دابین دەکات بۆ چەندان بواری هاریکاری لەنێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و حکوومەتی عێراق، لەوانەش پاڵپشتی بۆ دارشتنی سیاسەت، تواناسازی، دروستکردنی پلانی کرداری تایبەت بە بوارەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیجیی نیشتیمانی بۆ ڕێگرتن لە توندڕەوی توندوتیژ ، هەروەها ئالوگۆڕکردنی پسپۆری لەبارەی ڕێگریکردن لە توندڕەویی توندوتیژ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا.

واژووکردنەکە لە پەراوێزی وۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژەدا هات لەبارەی ڕێگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ لە بەغدا کە بە هاوبەشی لە نێوان هەریەک لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق و لێژنەی دیالۆگ و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران و سکرتاریەتی گشتیی ئەنجوومەنی وەزیران، بە پاڵپشتیی حکوومەتی شانشینیی هۆڵەندا. وەکو ئاماژەیەک بۆ پابەندیی حکوومەتی عێراق بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتە ئایدیۆلۆجییە توندڕەوەکان و بەرەودان بە ئاشتی لە عێراقدا، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێزدار مستەفا کازمی لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەدا لەبەر دەم جەماوەرێک کە پێک هاتبوو لە بەرپرسانی حکوومی و سەرکردە عەشایریییەکان و پیاوانی ئایینی کە ئەوانیش بەشدار بوون لە تاوتوێکردنی بابەتگەلێک لەنێویشیاندا ڕۆڵی جێندەر لە توندڕەویی توندوتیژدا.

"لە عێراقدا چەندان نموونەمان لە خراپترین حالەتەکان بینیوە کە دەکرێ توندڕەویی توندوتیژ بەرهەمی بهێنێت." بەڕێز گیگاوری وای گوت. "ئەرکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ئەوەیە کە هاوکاریی کۆچبەران و ئاوارە بێدەسەلاتەکان و خەڵکانی کاریگەر بوو بە ململانێکان بکات، ئەمەش مانای تەنها ئەوە نییە تەنیا دابینکردنی پێویستییە مرۆییەکان لە دۆخی قەیراندا و ئاسانکاریکردن بێت بۆ دەستگەیشتنیان بە چارەسەری درێژخایەن؛ بەڵکو مانای ئەوەشی هەیە کە کار بکەین بۆ دەستنیشانکردن و کارکردن لەسەر هۆکارەکانی کۆچکردنی نایاسایی. ڕێگرتن لە توندڕەویی توندوتیژ توخمێکی سەرەکییە لەو هاوبەشییەی نێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ و حکوومەتی عێراق و نووسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی".

لەمیانەی ڕێوڕەسمی واژووکردنەکەدا هەردوو لا جەختیان کردەوە لە پابەندیی خۆیان بە مسۆگەرکردنی ئەوەی کە مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپی زیاننەگەیاندن بناغەی هەموو هاریکارییەکی داهاتووی هەردوو لا بێت. ڕێزدار قاسم ئەل ئەعرەجی هەروەها جەختی لە گرینگیی هەماهەنگیی نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراق کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەویی توندوتیژ وەکو ئالنگارییەکی نێونەتەوەیی.

:بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق لە ڕێی ئەم ئەدرێسە
iraqpublicinfo@iom.int